# شێوازەکانی توندوتیژی میدیای بەرامبەر ژنان ..توندوتیژی ئۆن لاین بە نموونە

**ID No. 3821**

(PP 1 - 13)

https://doi.org/10.21271/zjhs.25.4.1

**نەزاکەت حسێن حەمەسەعید**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

nazakat.hamasaeed@univsul.edu.iq

**حەکیم عوسمان حەمید**

کۆلیژی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلەتەکنیکی سلیمانی

hakim.othman@spu.edu.iq

**وەگـــــرتن : 2020/10/27**

**پەسندکردن : 2021/04/12**

**بڵاوکردنەوە : 2021/08/15**

**پوختە**

باسی سۆشیاڵ میدیا و ئینتەرنێت و کێشە کۆمەڵایەتی و پەیام و وێنە توندوتیژیە بەرهەمر هێنەرەکانی ناو تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و ئینتەرنێت بۆ بەکارهێنەرەکانی، باس و خواسی زۆربەی پسپۆڕان و بەکارهێنەرەکانیەتی، ژن وەک تاکێکی زۆربەی کۆمەڵگاکان کە کێشەی ڕەگەزی و تێڕاوانیان بۆ ژن تەندروست نیەو فۆڕمەکانی توندوتیژی بەرامبەر ژنان پراکتیزدەکرێت لە کۆمەڵگاکەیان ، لەناو تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانیش بوونی ئەمر ئاماژە توندوتیژیانە بەرامبەر ژنان بوەتە جێ مشت و مڕ و هۆکاری چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و پاشەکشەی ژنان لە بەکارهێنانی ئەمر ئامێرە نوێیانەی میدیا، تەنانەت بۆ بوارە کۆمەڵایەتی وسیاسی و پێداویستیە کەسیەکانی خۆی و گوزارشت کردن لە خۆی لەترسی هێرشی ناوتۆڕەکۆمەڵایتیەکان ، بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختەو دروست کردنی کلیپ و گرتەی ڤیدیۆییو ناشیرین کردنی وێنەکانیان، جگە لەو فۆڕمانەی تری توندوتیژی کەبەرهەمی دەهێنێت بەرامبەر ژنان ئاماژە جۆراوجۆرەکانی ناو تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ،لەبەر ئەوە ی سۆشیاڵ میدیا و میدیای ئۆن لاین و مۆبایل وئەپلیکەیشنەکانی لە ئێستدا لە جیهاندا ئامرازێکی کاریگەری بەشداری زۆربەی بوارەکانی ژیانە ،لەمر تویژینەوەدا هەوڵ دەدرێت ئەو ئاماژانە بدۆزرێتەوە لەناو تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ومیدیای ئۆن لاین کە ڕووبەڕووی ژن دەبنەوە لەبەکارهێنانی هەرجۆرێک لە جۆرەکانی ئەو ئامرازانە ،بەبەکارهێنانی میتۆدی وەسفی ڕووپێوی و شیکاری بە وەرگرتنی ژمارەیەک لە ڕەگەزی مێینە کە هەموویان چالاکوانی بواری سیاسی و میدیای و کۆمەڵگەی مەدەنین. کە هەرێمی کوردستانیش بەهۆی بەردەست بوونی هەموو ئامرازەکانی میدیای نوێ و ئۆن لاین بێ بەش نیە لەو فۆرمانەی توندوتیژی بەرامبەر ژنان ،بە پێی داتای بەڕێوەبەریەتی پۆلیسی پارێزگای هەڵەبجە لەساڵی ٢٠١٧ ٢٣ دۆسیەی تاوان هەبوە کە بەهۆی ئامێرە ئەلکترۆنی و سۆشیاڵ میدیاوە لەساڵی ٢٠١٨ ١٥ دۆسیەو و ٨ کەس دەستگیرکراون و ٢١ دۆسیە لەساڵی ٢٠١٩ و ١٣ کەس دەستگیرکراون کە بێزاری ژن و کچیان کردوە.

**کلیلی وشەکان :**توندوتیژی میدیایی -میدیای ئۆن لاین- توندوتیژی ژنان.

## توێژینەوەکانی پێشوو

١-Nagamallika Gudipaty ساڵی ٢٠١٧ توێژینەوەیەکی کردوە لەسەر 'Gendered public spaces: Online trolling of women journalists in India' باسی ئەوە دەکات کە چۆن ژنە ڕۆژنامەنوسەکانی هندستان ڕووبەڕووی توندوتیژی بونەتەوە و بوونە نێچیری ئەو کەسانە کە لە ئۆن لاین بە ناسنامەی نادیار دەگەڕێن و زانیاری و وێنەکانی ئەمر ژنە ڕۆژنامەنوسانە دەبەن و ئازاریان دەدەن ،سێکسی بێت یان هۆشی یان سایکۆلۆژی یان سۆزی .دەگات بەودەرەنجامەی کە مێژووی ڕۆژنامەگەری بۆ ژن لە هندستان مێژویەکی درێژی هەیە و بەڵام لەگەڵ فراوان بونی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و مۆبایل و تەکنەلۆجیای زانیاری ئەمر ژنانە ڕووبەڕووی چەندین شێوازی توندوتیژی و "trolling' بونەتەوە کە زۆربەیان ڕاهاتوون لەسەر ئەەی ڕووبەڕوی ئەو کەسانە ببنەوە کە ئەو جۆرە بێزارکردنەیان دەکەن ،وە هەندیکیشیان بەڵام کەمینەن کە بڕیاری دورکەوتنەوەیان داوە لە زۆربەکارهێنانی ئۆن لاین. .

2-Policy Department for Citizens' Rights and Constitutional Affairs لەپەڕلەمانی ئەوروپا ساڵی ٢٠١٨ توێژینەوەیەکیان ئەنجام داوە لەسەر 'Cyber violence and hate speech online against women" گەشتون بەو دەرەنجامەی کە لە ئەوروپا لە ١٠ ژن ٩یان ڕووبەڕووی جۆرێک یان زیاتر لە توندوتیژی ئۆن لاین بونەتەوە لەتەمەنی ١٥ ساڵیەوە کە مۆبایل و ئینتەرنیتیان بەکارهێناوە،زۆربەی ئەو کەسانەش هەستاون بە ئەنجام دانی ئەمر توندوتیژیانە پیاوانی گەنج بوون کە

زۆربەشیان بە پێی ڕاپرسیەکە ئەو ژنانەیان دەناسی کە ئازاریان دابوون وبوبونە قوربانی ،واتە بە مەبەست بووە ئەنجام دانی ئەو کارە توندوتیژیانە ،وە بەشێکی ئەو توندوتیژیانە لە ڕێگەی هاوڕێ یان خۆشەوستەکەیانەوە بوە، ژنان لە باکگراوندو ناسنامەی جیاواز ڕوبەڕوی ئەم شێوازە توندوتیژیانە دەبنەوە بەتایبەتی ژنی گەنج وئەوانە ی دەرکەوتون لە ناو جەماوەرو شوێنە گشتیەکان،کە باجی سایکۆلۆژی و ئابوری دەبێت لەسەریان و خێزان و هەمان کات کۆمەڵگەش باجی دەدات.

٣-.International Foundation for Electoral Systems ساڵی ٢٠١٩ توێژینەوەیەکی کرد لەسەر' Violence Against Women in Elections Online: A Social Media Analysis Tool' گەشتن بەوەی کە سۆشیاڵ میدیا بوارو پانتایەکی فراوانی ڕەخساندوە لەبوارەکانی سیاسەت و پەروەردەو گفتوگۆ وبۆ هاوڵاتیان ، بەڵام بەشداری سیاسی و سۆشیاڵ میدیا دەرگای کردوە بۆ گیرۆدەبوونی زۆر کەسەکان بە خراپی مامەڵەی ناو تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکەنەلۆژیەکانی زانیاری ،نمونەی وەک بەرزبونەوەی توڕەبوون ،زانیاری چەواشەو ساختە ،گوتاری ناباش وە توندوتیژی ڕاستەوخۆ کە زۆربەی ئەم شێوازانە ڕووبەڕووی ئەو ژنانە بونەتەوە کە بەشداری سیاسی دەکەن ،وە دەرەنجامی ئەو توندوتیژیانەی کە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە ئۆن لاین لەکاتی بەشداری سیاسی ،زیان بە پرۆسەی دیموکراسی و ئازادی ژنان و بەشداری سیاسی وناوەندی بریاریان دەگەیەنێت.

**گرنگی ئەم توێژینەوە**

١-سەرەتایەک دەبێت بۆ ناساندنی فۆڕمێکی تر یاخوود جێگایەکی تر کە توندوتیژی بەرامبەر ژنان بەرهەم دینێت.

٢-دەبێتە بنەمایەکی بۆ هۆشیاری تاکو بەکارهێنەرەکانی سۆشیاڵ میدیا لەو ئاماژە توندوتیژیانەی کە بەرهەم دێن لەو ئامێرە نوێیانەی میدیا.

٣-لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافەکانی ژنان زیاتر ئاشنا دەکات بە مەترسیەکی تر کە لەسەر ژنان هەیە سەرباری توندوتیژیە کانی ناوکۆمەڵگە.

٤-دەبێتە بنەمایەک بۆ تویژینەوەی دوای خۆی و زیاتر لەو بوارەدا.

ئامانجی توێژینەوە

١-دەرخستنی کاریگەری سۆسیاڵ میدیا لەبەرهەم هێنانیی توندوتیژی دژی ژنان

٢-زانینی ئەو ئاماژانەی توندوتیژی کە لە سۆشیاڵ میدیاوە بەرهەم دێن

٣-زانینی کاریگەری هەریەکە لەو ئاماژانەی توندوتیژی لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە دەبنە هۆی توندوتیژی بەرامبەر ژنان

**پرسیارەکانی توێژینەوە**

١-ئایا میدیای ئۆن لاین بوتە جێگایەک بۆبەرهەم هێنانی توندوتیژی بەرامبەر ژنان لە هەریمی کوردستاندا ؟

٢-ئەو فۆرم یان ئاماژانەی توندوتیژی چین کە لە میدیای ئۆن لاینەوە ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە؟

کێشەی توێژینەوەکە:گەشەی تەکنەلۆژیاو بەردەست بونی ئامرازەکانی گەیاندنی زانیارو پەیامەکان لەلایەن بەکارهێنەرەکانیەوە لە جیهاندا چەندین فۆڕمی نوێی توندوتیژی بەرهەم هێناوە کە ڕووبەڕووی بەکارهێنەرەکانی دەبێتەوە، لەم تویژینەوەدا دەمانەوێت بزانین ئەوم فۆرمانەی کە رووبەڕووی ژنی کورد دەبێتەوە چین؟ئایا ژنی چالاکوانی سیاسی و میدیایی کورد ڕوبەڕووی ئەو فۆرمانە بوەتەوە و جین ئەو فۆرمانەی توندوتیژی کە ڕووبەڕووی بونەتەوە.

میتۆدی توێژینەوە: تویژینەوەیەکی وەسفی شیکاریە

ئامرازەکانی توێژینەوە : فۆرمی ڕاپرسی بە ڕێگەی ناهەرەمەکی دار ئەو ژنانە وەرگیراون

کۆمەڵگای تویژینەوە : ژنانی کورد لە هەرێمی کوردستان

مشتەی توێژینەوە: ژنانی چالاک وانی سیاسی و میدیای و کۆمەڵگەی مەدەنی

**سەرەتا**

بێزارکردن و ئازاردان لەمرۆی جیهانی تەکنەلۆژیادا بابەتێکی زیندوە و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانیش بونەتە شوێنێک بۆ ڕووبەڕووبونەوەی بەکارهێنەرەکانی لە ئاماژە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی ، هەروەک .Segran, E. (2013) دەڵێت "بێزارکردن و ناوزڕاندن لەو

دیاردانەن کە خەریکە بونەتە دیاردەو سۆشیاڵ میدیاش شوێنێکە کە لەمرۆدا بەکارهێنەرەکانی ڕووبەڕووی ئەم دیاردانە دەبنەوە." (ل.٢٢).هەروەها دەڵێت "لەو جۆرە بێزارکردنانە وەک دزینی زانیاری و وەرگرتنی وێنەکانی بەکارهینەرەکان و بێزارکردنیان بە گرتەی ڤیدیۆیی ووشەی نەشیاو ناردنی نامەو وێنەو گرتەی ڤیدیۆیی کە توندوتیژی دەگەیەنن بۆ بەکارهێنەرکانی " (ل.٢٢).بە گوێرەی توێژینەوەیەک کە لەلایەن (Pew Research Center) لە هندستان ئەنجام دراوە لە ٣٧٪ بەکارهینەرانی ئینتەرنێت رووبەڕوو بێزارکردن بونەتەوە لە ڕێگەی ئۆن لاینەوە، لەکاتێکدا لە ٤٥٪ یش ئەنجام دەری بێزارکردن بوون و خەڵکیان بێزارکردوە لە ڕێگەی ئۆن لاینەوە لەوانەش ژنان و گەنجان زۆرتری ئەو کەسانەن کە ڕووبەڕووی بێزارکردن دەبنەوە لە ڕێگەی سۆسیاڵ میدیاوە . (Duggan,2014).

لە جۆری ئەو فۆڕمانەی بێزارکردن کە ڕووبەڕووی ئەو ژن و گەنجانە بونەتەوە بریتی بوون لە بڵاوکردنەوەی دەنگۆ لەسەر کەسەکان، هەڕەشە ئاماژەی جنسی و دەرخستن و بەدوا گەڕانی زانیاری تایبەتی کەسی وبەمەبەستی ئابرووبردن ،یان دەستەواژەی ناخۆش و وشەی ناخۆش وە گەڕان و ڕاوکردنی زانیاری کەسی و چاودێری کردنی ژیانی تایبەتی کەسەکان جۆری هاوبەشی ئەو توندوتیژیانە بوون کە ڕووبەڕووی ئەو ڕێژەیەی سەرەوە بونەتەوە لە بەکارهینانی ئینتەرنێت بەتایبەتی سۆشیاڵ میدیا. (Duggan,2014، ل.٣٥).

لە سەرچاوەو توێژینەوە نوێیەکندا جۆرێکی تری نوێی بێزارکردنی ئۆن لاین ناسێنراوە کە بە ئینگلیزیەکەی 'trolling ' وبە عەرەبیەکەی التصید' ناودەبرێت واتە 'ڕاوەدونان' کە پێناسە کراوە بەو 'هەڵسوکەوتەی کە بەشێوەیەکی فیڵاوی وگومڕاکەر وە بەکارهینانی ڕێگەیەکی تێکدەری لە ژیانی واقعی کۆمەڵایەتی بەدوای زانیاری تایبەتی کەسەکان لەناو ئینتەرنێت بە مەبەستی نادیار" (Burcham, 2016).،ل.١٠٢ ) کە ئەمرۆ وەک ڕێگەیەکی باو و ترسناک بۆ توندوتیژی ئۆن لاینی و بێزارکردن وئازاردانی کەسەکان بەکاردێن کاتێک ئینتەرنێت وە بەتایبەتی سۆشیاڵ مدیبا بەکاردێنن.

(Burcham, J. (2016لەلایەکی ترەوە باسی جۆرێکی تر دەکات کە ئاراستەی کەسەکان بە تاکی دەکرێت کەcyber stalking .'واتە 'ڕاوانی ئەلەکترۆنی یان ڕاوانی سایبەر'کە ئەمەیان بەمەبەسەتەو بە ئامانجی کەسێکی دیاری کراو دەکرێت و ئامانجەکەی دیارو ڕوونە .لەو شێوازە جۆراوجۆرانەی توندوتیژی رووبەڕووی ژنان دەبێتەوە ،زاراوەی نوێ هیناوەتە بوون لەوانە 'VAWIE' دەستەواژەیەکە کە کورتکراوەی Violence Against Women In Elections

کە ( international foundation for electronic system, 2019) وا پیناسەی کردوە کە زاراوەیکە بەکاردێت وک چەترێک بۆ هەموو ئەو شێوازانەی توندوتیژی کە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە لەکاتی بەشداری سیاسی وهەڵمەتەکانی هەڵبژاردن وەک'بیزارکردن، بێزاری سێکسی،سوک کردن هەموو جۆرەکانی تری توندتیژی لە بێزارکردنی سێکسیەوە بۆ ئازاردانی فیزیکی کە لەڕێگەی ئینتەرنێت و مۆبایل و سۆشیاڵ میدیاوە دەکرێت." ژنان لە جۆری جیاوازی چینەکان و بەگوێرەی کارەکانیان رووبەڕووی ئەم جۆرانە لە توندوتیژی دەبنەوە نموونە .(Binns, 2012) باسی ئەو ژنە ڕۆنامەنوسانە دەکات کە ڕووبەڕووی چەندین ڕەفتاری توندوتیژی دەبنەوە لە ڕێگەی ئۆن لاینەوە کە هەندێکیان خراپن و ئازاری سایکۆلۆژی پی دەگەیەنن." (ل.٩٢).

(Gardiner et.al., 2016). دەڵێت بوون بە ژنی ڕۆژنامەنوس ٢ جار ئەگەری ڕووبەڕووبونەوەت زیاد دەکات بە بێزارکردنی ئۆن لاینی بەتایبەتی جۆری 'ڕاوکردن' trolling (ل.٢٤).

(European Union Agency for Fundamental Rights (FRA) (2014), لە توێژینەوەیەکدا کە لەسەر توندوتیژی بەرامبەر ژنان ئەنجامی داوە دەڵێت "لەگەڵ تیپەڕبونی کات گەشەی ئامرازەکانی کۆمینیکەیشن و تەکنەلۆژیای زانیاری ژن سوودمەند بە خۆناساندن و بەهێزکردنی تواناو دەسەڵاتەکان و خۆ پێگەیاندنی بەڵام لەهەمان کاتدا قوربانیش بوە بۆ ئەو شێوازانەی توندوتیژی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاو ئۆن لاینەوە." (ل.٣٤) .تا ئەو ڕادەیەی نەتەوەیەکگرتوەکان ' cyber violence against ‘women وەک دیاردەیەک و جۆرێکی بڵاوی توندوتیژی ئۆن لاین ناساند .

هەر لەسەر گرنگی ئەم بابەتە (UN General Assembly's resolution on the right to privacy in the digital age (2016باسی ئەوە دەکات کە پێشێلکاری و بێزارکردن لە سەردەمی دیجیتاڵیدا ڕووبەڕووی تاک دەبێتەوە بەتایبەتی ئەوانەی کە لاواز و پەراوێزخراون وەک ژن ومنداڵ.“ ,(UNGA (2013).

(Policy Department for Citizens' Rights and Constitutional Affar,2018) لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (Cyber violence and hate speech online against women) ئاماژە بە ئەگەری زۆرتر قوربانی ژن دەکات لە ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژیەکانی 'ئەلەکترۆنی ' دەڵێت" توندوتیژی سایبەر یاخوود ئەلەکترۆنی و وشە ڕقاویەکان لەو توندوتیژیە بەردەوامانەن کە ڕووبەری ژنانی گەنج دەبنەوە کە زۆربەیان بەشێوەی شاراوە ماونەتەوە و قوربانیەکە ئاشکرای ناکات."(ل.٢٠).

لەهەمان توێژینەوەدا کە ئەو ناوەندەی سەرەوە کردویەتی لە ٢٠٪ ژنانی گەنج لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا ڕوبەڕووی بێزارکردنی سێکسی ئەلەکترۆنی بونەتەوە، لە ١٤٪ ڕوبەڕووی ڕاوەدوونانی ئەلکترۆنی بونەتەوەو لەتەمەنی ١٥ ساڵیانەوە، وشە ڕقاویەکان کە ئاراستەی ژنان دەکرێتەوە لە ئۆن لاین و سۆشیاڵ میدیاوە بە بڕی ١.٣٪ ئەو ڕاپۆرتانە پێک دەهێنن کە لە بارەی توندوتیژیەکانی ئینتەرنێتەوە بەرز دەکرێنەوە.(٢٠١٨،ل.٨) تا ئەو ڕادەیەی کە نەتەوەیەکگرتوەکان و ئەنجومەنی ئەوروپی و ڕێکخراوەکانی یەکێتی ئەوروپا تا ئێستا پێناسەو ناسینەوەیان تەنها بۆتوندوتیژی ئەلەکترۆنی و گفتوگۆ و وشە ڕقاویەکان کردوە کە ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە وە دەڵێن پیناسەی قبوڵ کراویان نیە هێشتا بۆشێوازە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی ئۆن لاینی کە ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە. . (ل.٢٢).

لەبارەی ئەو شوێنانەی کە ژن ڕوبەڕووی توندوتیژی ئەلەکترۆنی 'سایبەر' و قسە ڕقاویەکان و ناخۆشەکان دەبێتەوە .

ئەو شوێنانەی کە ئەم توندوتیژیانە ڕووبەڕوی تاک دەبێتەوە

.Hardaker, C. (2010) دیاریان دەکات وەک"توندوتیژی ئەلەکترۆنی'سایبەر' قسە ناخۆش و ڕقاویەکان ڕووبەڕوی ژنان دەبنەوە لە پلاتفۆرمی جۆراوجۆری ئۆن لاینەوە وەک،سۆشیاڵ میدیا ،ماڵپەڕە ئەلکترۆنیەکان،ماڵپەڕە گفتوگۆیەکان، ژورەکانی گفتوگۆ،ماڵپەڕەکانی گەڕان،نامە و نامە ، بلۆگەکان،کۆمێنت و پەیامە دەنگی و ڕەنگی و لینکەکان، یاریەکان ، یاخوود ڕۆژنامە ئەلەکترۆنیەکان .....هتد" (ل.٢٤).

ئەو ڕێگایانەش کە ئەم شێوازە توندوتیژیەی تێدا ئەنجام دەدرێت زۆرینەیان لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوەن وەک فەیسوبک، تویتەر، لینکید ئین، ئینستاگرام، ژورەکانی یاخوود ماڵپەڕەکان چات کردن، یان گۆگڵ و ماڵپەڕەکانی گەڕان، واتساب و تیلیگرام، بلۆگەکان، ژورەکانی چاتی یاریە ئۆن لاینەکان.

## کاریگەری توندوتیژی ئۆن لاین لەسەر ژنان

لە کاریگەریەکانی ئەم شێوازە جۆراوجۆرانەی توندوتیژی .Joshi, S. (2016) دەیناسینێت وەک' دژایەتی و کۆتایی هێنان بە مافی ژنان و ئازادی ڕادەربرین لای ژنان و هەروەها سوکایەتی بە کەرامەت و هەست و پرسی یەکسانیان وە کاردەکاتە سەر ژنان لەسەر ئاستی جۆراوجۆر،هەروەک کاریگەری دەکاتە سەر هۆش و فیزیک و چالاک بوون وتەندروست بوونی وە لەسەر گەشەی ئابوری و کۆمەڵایەتیان کە کۆمەڵگەس بە گشتی باجی ئەمانە هەمووی دەدات." (ل.٤٥).

هەمان سەرچاوە زیاتریش باسی مەترسی زیاتری سۆشیاڵ میدیا دەکات و دەڵێت' ئەم گەشە کردنە نارێک و پێکەی سۆشیاڵ میدیا شوێنێکی مەترسی داری دروست کردوە بۆ ڕوبەڕبونەوەی ژنان بە توندوتیژی ئۆن لاینی و زیان گەیاندنی بە پرۆسەی یەکسانی جێندەری و پاشەکشەی ژن و ڕاوەدونانی لە بەکارهێنانی جۆرەکانی سۆشیاڵ میدیا،" (ل.٣٤).

.Lee, J. (2015)، دەڵێت' هەرچەندە پسپۆڕان قوربانیەکان وتوندوتیژیەکانی ئۆن لاین بەرامبەر ژنان بە 'سایبەر' یاخوود توندوتیژی ئەلەکترۆنی وقسە ڕقاویەکان ناساندوە بەڵام ئەمانە دەکرێت لە شێوازی جۆراو جۆردا ڕوبەڕووی ژنان بکەنەوە، وەک بێزارکردنی سێکسی و وێیەکان کە لەسەر بناغەی ئازاردانی سێکسی سەرچاوە دەگرن ،یان دەستەواژە سێکسیەکان، و جۆرەکانی تری بێزارکەرە سێکسیەکان وشەرعیەت پێدانیان کە مەترسی ئەوە دروست دەکەن ژن پاشەکشەبکات لە جیهانە گشتیەکەوە بەرەو جیهانی دابڕان و تایبەت، (ل.٦٦)

لەلایەکی ترەوە saraban , T., Z.,2017 باسی کاریگەریەکانی توندوتیژی سایبەر دەکات "دەبێتە هۆی ئازارادانی هەست و سۆزو دروست کردنی ناتەندروستی لە وکەسەدا لەگەڵ دروست کردنی خەمۆکی،شەرم، فشاری دەرونی،کەم متمانە بەخۆبوون ،هەوڵ دان بۆ زیان بەخۆ گەیاندن و تا ڕادەی هاندان بۆ خۆکوشتن،لۆمەی خۆکردن، دورەپەرێزی،هەست کردن بە تاوان،لاوازی وکەم بونەوەی تواناو ئەنجام دانی چالاکی،کە وادەکات زۆربەی قوربانیەکان بڕیار دەدەن چالاکیەکان کەم کەنەوە لە ئۆن لاین و لێی دورکەنەوە ئەو کات بێ بەش دەبن لە جیهانی دیجیتاڵی و زۆر بابەتی پەروەردەیی پرۆفیشناڵی(ل.٨) . مەترسیەکە لەوشەدا ژنان هۆشیارنین بە جۆرەکانی و ڕووبەرووی دەبنەوە وا دەکات بێدەنگی هەڵبژێرن.

هەر لەبارەی مەترسیەکانی ئەم جۆرە لە توندوتیژی بەرامبەر ژنان، مەترسی دروست کردنی ژینگەیەک هەیە کە زیان بە یەکسانی جێندەری و دروست کردن کلتورێکی تەکنەلۆژیا ' ’technoculture’ کە ناسنامەیەکی تر بدات بە ژن و ئەوەی لە ژینگە واقعیەکەدا کراوە لە بەڵانسی جێندەری بیرۆکەی یەکسانی زیانی پێ بگات"..(Lee,22, J. 2015) .

(Policy Department for Citizens' Rights and Constitutional Affar,2018) بۆڕێگەگرتنەبەری دۆزینەوەی چارەسەر یان ڕێگری کردن لەم دیاردەیە نەتەوەیەکگرتوەکان توندوتیژی ئۆن لاینی بەرامبەر ژنان بەشێوەیەکی فراوان پێناسەکردوەو ناساندویەتی، لە

ئەوروپاش توندوتیژی ئۆن لاین و ئەلەکترۆنی بەرامبەر ژنان ناسێنراو پیناسەکرا لەلایەن ئەنجومەنی هاوپەیمانیەتی ئەروپا وە،هەرچەندە تائێستا ئامرازێکی وا دیاری کراو نیە لەئەوروپا بۆ ڕێگری لەم دیاردەیە تەنها یاسای 'پاراستنی زانیاریە گشتیەکان ئاراستە کردنی بازرگانی ئەلەکترۆنی "General Data Protection Regulation and the Electronic-Commerce Directive' (ل.٣٨).

بە پێی هەمان توێژینەوە لە ١٠ ژن ٩ یان ڕووبەڕووی جۆریک لە جۆرکەنای توندوتیژی ئۆن لاین بونەتەوە لەتەمەنی ١٥ ساڵیەوە کە سۆشیاڵ میدیاو میدیای ئۆن لاینیان بەکارهێناوە،کە ئەمە مەترسیە بۆ جیهانی دیجیتاڵی کە ژنان و گەنجان ئێستە بەشێکی زۆری ژیانیان و لەوێدا بەسەردەبەن بۆوەرگرتنی زانیاری یاخوو پێداویستی تری کەسی و کات بەسەربردن. کە خۆی لە جۆرەکانی بێزارکردنی ئەلەکترۆنی و راوەدونانی ئەلەکترۆنی و بەکارهێنانی وێنەکان بە بێ مۆڵەت وئاگاداری خاوەنەکەی و ئازاردانی سێکسی،نامە سێکسی وروژێنەرەکان بینیوەتەوە.

هەرەکو بە گوێرەی ڕاپۆرتیک کە پەرلەمانی ئەوروپا ئەنجامی داوە لەسەر ' Cyber violence and hate speech online against 'women

باسی مۆبایل و بڵاوبونەوەی 3G w 4G ئەکات و ئەڵێت' لەگەڵ بڵاوبونەوەی ئەم جۆرانە لە ئامێری مۆبایلی 3g w 4g بە ئاسانی گەیستنی بەدەستی زۆریک لە گەنجان وخەڵک و بەسەربردنی کاتیکی زۆری تاکەکان لەگەڵ زانیاریەکان ،بواری زیاتری ڕەخساند بۆ بەکارهینەران تاکو زیاتر توندتیژی بەکاربینن دژی ژنان ."

٢٠١٨، Policy Department for Citizens' Rights and Constitutional Affairs

“cyber violence” and “hate speechcyber harassment, cyber stalking, non- Gender-Based Violence (GBV). consensual image-abuse, and also the specific term “sexist hate speech”.publc shaming,identity theftcyber cybercrime ,instigate suicide ئەلەکترۆنی ئیمەیلی نەخوازراوی stackling , spamming,

ئەم توندوتیژیە ئۆن لاینیە لەگەڵ گەشەی ئامێرەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری وکۆمینیکەیسن فراوانتر دەبێت و بەکارهینەرەکانی زیاتر کات بەسەردەبن و دەچنە ناو زانیاریەکانەوە هەروەک .(Alejandro,88, J. (2010 دەڵێت '

ئەو ناوانەی بەکارهاتون بۆ ئەم جۆرە لە توندوتیژی ئۆن لاین

١- cyber violence:

٢-online anonymity ناسنامەی نادیارلەناو ئینتەرنێت

## داتاکان

١-ژن کوربانی ٢٧ جۆی توندوتیژی ئۆن لاین یان سایبەرە لە نیوان تەمەنی ١٨-٢٤ لە ٣٧٪ ژنانی بەکارهێنەرەی ئینتەرنیت لە واڵاتانی ئەوروپا سکاڵای لەبارمەبر تاوانە ئەلکترۆنیەکان کردوە لە ١٧٠٠٠ سکاڵا بەرامبەر تاوانە ئەلەکتۆنیەکان لەساڵی ٢٠١٧ لە ئەوروپا کراوە لە ٧٠٪ ژن بوون , Saraban,t.z. 2017ل.٦

## چەمکەکان

1. cyber violence: ئەو ڕەفتارەیە کە لە ڕێگەی ئۆن لاینەوە دەبێتە هۆی بیزارکردن وئازادردان و سوکایەتی کردن بە کەسانیک یان گروپ, Saraban,t.z. 2017 ل.٦
2. ئەم جۆرە لە توندوتیژی لە 'سایبەر' یان ئەلەکترۆنی چەدی چەمکی تری بەدوای خۆیدا هیناوە کەهەریەکەیان ئاماژە بە جۆرێکی ئەو توندوتیژیانە دەکەن کە لە 'سیابەر'یاخوود ئەلەکترۆنی دەکرێت. وەک
3. ’Cyberbullying شێوازێکە لە شێوازەکانی توندتیژی 'سایبەر'کە بە جوانی پێناسەکراوە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە، کە لە بێزارکردن و ئازاردانی ئەو کەسانە دەگریتەوە بەزۆری کە کەمینەن بە بێ بناغە گرتن لەسەر ڕەگەز، واتە بۆ هەردو ڕەگەزە
4. Cyber stalking: هەموو ئەو پەیامە ڕەنگی و دەنگی و گرتە ڤیدیۆیانە دەگرێتەوە کە لەڕێگەی ئینتەرنێت یان مۆبایل هێرش یان بێزاری کەسەکانی پێ بکرێت.
5. Cyber crime : هەموو ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە لەڕێگەی ئینتەرنێت یان مۆبایل دەکرێت بەرامبەر تاکەکان ،وەک بێزارکردن و دزینی ناسنامەو ،هەڕەشەو ترساندن و ئازاردان وبەکارهێنانی وشەو وێنەو گرتەی ڤیدیۆیی نەشیاو .

6. Cyber harassment : ئاماژەیە بۆ ئەو بێزارکردنە سێکسیانەی کە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە لە ڕێگەی ئۆن لاینەوە وەک کورتە نامەو ئیمەیڵ و گرتە ڤیدیۆیی لینکە سێکسیە نەخوازراوەکان، لە ڕێگای سۆشیاڵ میدیاو فەیسبوک و ژورەکانی چات وگفتوگۆ.

## بەشی پراکتیکی توێژینەوە:

لەم بەشەدا کارمانکرد بۆ ئامادەکردنی فۆرمێکی ڕاپرسی کە لە دوو تەوەر پێکهاتبوو، تەوەری لایەنە دیموگرافیەکەی بەرتوێژ وتەوەری پرسیارەکانی تایبەت بە بەکارهێنانی میدیای ئۆنلایە وئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی بۆەتەوە بە تایبەتیش ئەو کێشانەی کە وەك توندوتێژی ناوەزەد دەکرێت کە لەرێگەی ئەم ئامرازانەوە ئەنجامدراوە بەرانبەر بە ژنان، پاش ئامادەکردنی فۆرمێکی تایبەت بەو بوارە، وئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆی لەلایەن چەند پسپۆرێکی تایبەت بەو بوارە، لە ڕێگەی (گۆگڵ فۆرم) ەوە فۆرمەکە نێردرا بۆ (130) ژن کە بەخشتەیەکی هەرەمەکی دەستنیشان کران وفۆرمەکەیان ئاراستە کرا، ولە کۆی ئەو فۆرمانەی دابەشکران (107) فۆرم لەلایەن ئەو کەسانەوە پڕکرانەوە وئێردرانەوە.

هەنگاوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتا فۆرمە کان دابەش کران بەشێوەی ناهەرەمەکی بەسەرئەو ژمارە لەژنانی سیاسی ورۆژنامەنوس و چالاک وان کە تەنها ١٠١ فۆرم گەڕایەوە ١٠٠ لەو فۆڕمانە شی کردنەوەی بۆ کرا .

## شیکردنەوەی ناوەرۆکی فۆرمەکان:

### یەکەم/ زانیاریە دیمۆگرافیەکان

تەمەن: وەك لە خشتەی خشتەی ژ(1) رونکراوەتەوە بەرتوێژەکان لە تەمەنە جیاوازەکاندابوون، ئەمەش خاڵێکی ئەرێنیە بۆ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە کە لە دیدی تەمەنە جیاوازەکانەوە وەڵامەکانی دەستدەکەوێت و زیاتر واقعیە.

**خشتەی ژ-1- تەمەنی بەرتوێژەکان**

| ژ | تەمەن | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | 30-20 | 35 | %32.7 |
| 2 | 40-31 | 34 | %31.8 |
| 3 | 50-41 | 29 | 27.1 |
| 4 | 50 وسەروتر | 9 | %8.4 |
| کۆ | 107 | %100 | |

ئاستی خوێندەواری: وەکو لە خشتەی ژ(2)دا دەردەکەوێت بەرتوێژەکان لە ئاستی خوێندەواری جیاوازن ولە ئاستی سەرەتایی تا دکتۆراە بەشدارن لەم توێژینەوەیە.

**خشتەی ژ-2- ئاستی خوێندەواری بەرتوێژ**

| ژ | ئاستەکان | دووبارەبونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | سەرەتایی | 1 | %0.9 |
| 2 | ناوەندی | 2 | 1.9 |
| 3 | ئامادەیی | 10 | %9.3 |
| 4 | پەیمانگە | 22 | %20.6 |
| 5 | بەکالۆریۆس | 52 | %48.6 |
| 6 | ماجستێر | 17 | 15.9% |
| 7 | دکتۆراە | 3 | 2.8% |
| کۆ | 107 | %100 | |

1. پیشەی بەرتوێژان: لەمر پرسیارەش وەڵامەكان ئەوەیان پێشان دا كە لە تەواوی كەرتە جیاوازەكان بەشداری تێدایە وەك لە خشتەی ژ (3) دا دەردەكەوێت، كە زۆریەنیان لە رێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنیدا كاردەكەن وبە پلەی دووەمر كەرتی حكومی دێت وبە پلەی سێیەمر كەرتی تایبەت دێت وخوێندارارن بە پلەی چوارەمر دێت.

**خشتەی ژ-3- پیشەی بەرتوێژان**

| ز | پیشە | دووبارەبونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | كاری حكومی | 51 | %47.7 |
| 2 | كەرتی تایبەت | 47 | %42.1 |
| 3 | كاری رێكخراوەیی | 7 | %6.5 |
| 4 | خوێندكار | 4 | %3.7 |
| كۆ | 107 | %100 | |

بەشی دووەمر/ تایبەت بە خشتەی مامەڵەی بەرتوێژان لەگەڵ میدیا نوێ وئەو كێشەو گرفتانەی رووبەروویان دەبێتەوە كە وەڵامەكانی بەرتوێژەكان بەمر شێویە بوو:

2. كام لە جۆرەكانی میدیای ئۆنلاین بەكاردێنیت: وەڵامەكانیش بەمر خشتەی خوارەوەبوو كە لە خشتەی ژ-4-دا روونكراوەتەوە، ژمارەكانی نێو خشتەكە ئاماژەی ئەوە دەدەن كە ژنان بەشداربووی ئەكتیڤن وهەر یەكێك لە چەند جۆرێكی میدیای ئۆنلاین بەشدارە.

**خشتەی ژ -4- تایبەت جۆری میدیای ئۆنلاین**

| ز | جۆری میدیای ئۆنلاین | دووبارەبونەوە | رێژە |
|---|---|---|---|
| 1 | سۆسیال میدیا | 95 | %42.03 |
| 2 | ئیمەیل | 54 | %23.89 |
| 3 | ماڵپەری گەران | 50 | %22.12 |
| 4 | ماڵپەركان | 25 | %11.06 |
| 5 | بلۆگەكان | 2 | %0.88 |
| كۆ | | %100 | |

3. كام لە ئەپلیكەیشنەكانی مۆبایل بەكارئەهێنیت: وەڵامەكانیش بەمر خشتەی خوارەوەبوو كە لە خشتەی ژ-5-دا روونكراوەتەوە، ژمارەكانی نێو خشتەكە ئاماژەی ئەوە دەدەن كە زۆرینەی بەرتوێژەكان لە ئەپلیكەیشنێك زیاتر بەكائەهێنن وەك ئاماژەیەكی روون بۆ بوونی ئەمر ئەپلیكەیشنانە بە پێویستیەكی رۆژانەی گرنگ لە ژیانی ژنان.

**خشتەی ژ-5-تایبەت بەو ئەپلیكەیشنانەی بەكاردێن**

| ز | ئەپلیكەیشنەكان | دووبارەبونەوە | رێژە |
|---|---|---|---|
| 1 | فەیسبووك | 82 | %21.64 |
| 2 | ئینستگرام | 78 | %20.58 |
| 3 | واتساپ | 74 | %19.53 |
| 4 | ڤایبەر | 60 | %15.83 |
| 5 | سناپچات | 51 | %13.45 |
| 6 | تیلیگرام | 34 | %8.79 |
| كۆ | | %100 | |

4. مەبەست لە بەكارهێنانی ئەمر ئەپلیكەیشنانە چین: لێرە چەند بژاردەیەك ریزكراون كە ئاماژەیە بۆ ئەو مەبەستانەی میدیای ئۆنلاین بۆی بەكاردێت، وەك دەردەكەوێت بەرتوێژەكان لە چەندین رووەوە بەهرەمەندبوون لەمر جۆرە میدیایە وبە هۆیەوە كارئاسانیەكی زووریان چنگ دەكەوێت ورێگەی زۆر كاری بۆ ئاسانكردوون ولە پلەی یەكەمر (پەیوەندیكردن لە

ڕێگەی گروپەکانەوە بە هاورێ وهاوپیشەکان)دێت کە یەکێکە لە پێداویستیە گرنگەکانی ژیانی سەردەمو وژنانیش لە ڕێگەی ئەم ئامرازانەوە سوودمەندبوون وەك لە خشتەی ژ-6- دا رونکراوەتەوە.

**خشتەی ژ-6- تایبەت بە تایبەت بە مەبەست لە بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنەکان**

| ژ | مەبەستەکانی بەکارهێنان | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| 1 | پەیوەندیکردن بە گروپ وهاوپیشەکان | 86 | %30.28 |
| 2 | وەرگرتنی زانیاری | 83 | %29.23 |
| 3 | بڵاوکردنەوەی چالاکی وبابەت | 71 | %25 |
| 4 | دروستکردنی هاورێتی | 24 | %8.45 |
| 5 | کاتبەسەربردن وچاتکردن | 13 | %4.57 |
| 6 | خۆناساندن | 7 | %2.46 |
| کۆ | | 284 | %100 |

5. ڕووبەرووی کام جۆر لەم بێزارکاریانە بوویتەتەوە: لەم پرسیارە بە وردەکاریەکی مەبەستدارەوە شێوازە جۆراوجۆرەکانی بێزارکردن خراوەتە ڕوو بۆ ئەوەی بەرتوێژەکان تەواوی ئەو جۆر وشێوازانە باسبکەن یان ئاماژەی پێبدەن کە دووچاری بونەتەوە، وەك لە خشتەی ژ-7- دا دەردەکەوێت کە زۆرترین جۆری بێزارکردن (وشەی ناشرین) بووە کە لە ڕێگەی میدیای ئۆنلاینەوە ڕوبەرویان بۆتەوە.

**خشتەی ژ-7- تایبەت بە جۆری بێزارکردن**

| ژ | جۆر | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| 1 | وشەی ناشرین | 70 | %39.55 |
| 2 | ئیهانە وسوکایەتی | 31 | %17.51 |
| 3 | ترساندن | 24 | %13.56 |
| 4 | جنێودان | 18 | %10.17 |
| 5 | هەرەشە | 17 | %9.60 |
| 6 | بێزاری سێکسی | 17 | %9.60 |
| کۆ | | 177 | %100 |

6. ئەو ڕێگەیانەی کە بێزارکردنەکانی لێوە دەکرێت: لەم پرسیارەدا هەوڵدرا بە وردی بزانرێت لە کام ڕێگەوە بێزارکردنەکان ئەنجام دەدرێت، وەڵامی بەرتوێژەکان دابەش بوو بەسەر تەواوی بژاردەکان بە ڕێژەو دووبارەبوونەوەی جیاواز کە زۆرترینیان فەیسبووك وڤایبەر وئینستاگرام بووە، بە ڕێژەیەکی کەمتر لە ڕێگەی ستاپ وواتس ئاپ وکەمترین ئامرازیش تیلیگرام بوو بە هۆی کەمی بەکاربردنیەوە وەك لە خشتەی ژ-8-دا دەردەکەوێت.

**خشتەی ژمارە 8 تایبەت بە هۆکاری بەکاربردن**

| ژ | ئامرازەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| 1 | فەیسبووك | 40 | %24.06 |
| 2 | ڤایبەر | 37 | %22.29 |
| 3 | ئینستاگرام | 36 | %21.68 |
| 4 | مۆبایل | 25 | %15.06 |
| 5 | سناپ چات | 12 | %7.22 |
| 6 | واتسئاپ | 11 | %6,62 |
| 7 | تیلیگرام | 5 | 3.01 |
| کۆ | 166 | %100 | |

7. جۆری بێزاركردنەكان : لە وەڵامی بەرتوێژەكان دەردەكەوێت كە بە هەر خشتەیەك بێزاركردن ئەنجامدراوە وەهەر بەرتوێژێك بەو پێیەی رێگەی پێدراوە كە زیاتر لە بژاردەیەك هەڵبژێرێت دەردەكەوێت كە بەرتوێژەكان بە شێوازێك وجۆرێك زیاتر هەوڵی بێزاركردنیان دراوە وزۆرترین جۆر نوسین بووە وبە پلەی دووەم لینكی نەشیاو وپاشان وێنەی نەشیاو وگرتە سێكسیەكان كەمترین جۆری بێزاركردن بووە وەك لە خشتەی ژ-9-دا دەردەكەوێت.

**خشتەی ژ-9- تایبەت بە جۆری بێزاركردنەكان**

| ژ | جۆر | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | نوسراو | 50 | %30.48 |
| 2 | لینكی نەشیاو | 34 | %20.73 |
| 3 | وێنەی نەشیاو | 27 | %16.46 |
| 4 | نامەی مۆبایل | 19 | %11.58 |
| 5 | نامەی دەنگی | 19 | %11.58 |
| 6 | گرتەی سێكسی | 15 | %9.15 |
| كۆ | 164 | %100 | |

8. جۆری ئازار: لەم پرسیارەدا هەوڵدراوە رادەی هەستكردن بە ئازارەكان بزانرێت كە لەلای بەرتوێژەكان رەنگی داوەتەوە كە سێ بژاردە دیاری كراوە ئازاری دەروونی وئازاری رۆحی وئازاری جەستەیی كە سێهەمیان هیچ دووبارەبونەوەیەكی تۆمارنەكرد وزۆرینەی ئازارەكان دەروونی بوون، وەك لە خشتەی ژ-10-دا دەردەكەوێت.

**خشتەی ژ-10- تایبەت بە جۆری ئازار**

| ژ | جۆری ئازار | دووبارەبونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | دەروونی | 93 | %71 |
| 2 | روحی | 38 | %29 |
| 3 | جەستەیی | - | %- |
| كۆ | 131 | %100 | |

9. ئایا هەوڵدراوە ئەژمارەكەت هاك بكرێت: لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەردەكەوێت كە زۆرینەی بەرتوێژەكان رووبەرووی ئەم مەترسیە بوونەتەوە ولە كۆی ئەو (107) بەرتوێژە (58)یان هەوڵی هاككردن بوونەتەوە  وەك لە خشتەی ژ-11-دا دەردەكەوێت

**خشتەی ژ-11- تایبەت بە هەوڵەكانی هاكردنی بەرتوێژەكان**

| ژ | هەوڵ دراوە هاك بكرێت | دووبارەبونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | بەڵێ | 58 | %54.2 |
| 2 | نەخێر | 49 | %45.8 |
| كۆ | 107 | %100 | |

10. ئایا دەرئەنجامی ئەو بێزاركردنانە كام لەم بژاردانە بوون: بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش چەند بژاردەیەكمان خستۆتە بەردەستی بەرتوێژەكان كە بۆیان هەبوو لە بژاردەیەك زیاتر هەڵبژێرن زۆرترین هەڵبژاردن بۆ رووبەرووبونەوە بوو لەگەڵ كەسانی بێزاركەر كە (63) دووبارەبونەوەی بەدەست هێنا وەك لە خشتەی ژ-12-دا رِوونكراوەتەوە.

**خشتەی ژ-12- تایبەت بە ئەنجامی بێزارکردنەکان**

| ز | دەرئەنجام | دووبارەبونەوە | رێژە |
|---|---|---|---|
| 1 | روبەروبونەوە لەگەڵ کەسی بێزارکەر | 63 | %46.66 |
| 2 | دوورکەوتنەوە لەو ئامێر وتەکنەلۆجیایە | 34 | %28.18 |
| 3 | کێشەی کۆمەڵایەتی | 13 | %9.63 |
| 4 | کاریگەری لەسەر پێگە | 13 | %9.63 |
| 5 | کاریگەری لەسەر ناوبانگ | 12 | %8.88 |
| کۆ | 135 | %100 | |

11. ئایا هەوڵی دزینی وێنە وزانیاری وشێواندنی دراوە: لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی بەرتوێژەکان بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە بەڵام ئەوانەی بە بەڵ وەڵامیان داوەتەوە رێژەیان (%43.9) کە نزیکە لە نیوە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەم مەترسیەش بە روونی رووبەرووی ژنان دەبێتەوە لە کاتی بەکارهێنانی ئامرازە ئۆنلاینەکان وەك لە خشتەی ژ-13-دا روون کراوەتەوە.

**خشتەی ژ-13- تایبەت بە هەوڵەکانی دزین وشێواندنی زانیاری ووێنەکان**

| ز | هەوڵ دراوە زانیاریەکانت بدزرێن | دووبارەبونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | بەڵێ | 47 | %43.9 |
| 2 | نەخێر | 60 | %56.1 |
| کۆ | 107 | %100 | |

12. چ کاتێك رووبەرووی ئەو بێزارکردنانە دەبیت: وەڵامەکان دابەش بوون بەسەر سێ بژاردە کە لە هەرسێکیان بەرتوێژەکان رووبەرووی بێزارکردن ببونەوە بەڵام بە رێژەی جیاواز وەك لە خشتەی ژ-14-دا روونبۆتەوە.

**خشتەی ژ-14- تایبەت بە کاتی رووبەرووبونەوەی بێزارکردن**

| ز | چ کاتێك تووشی بێزارکردن بوویت | دووبارەبونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | کاتی خۆ کاندیدکردن | 10 | %9.3 |
| 2 | کاتی بڵاوکردنەوەی چالاکیەکانم | 50 | %46.7 |
| 3 | کاتی بڵاوکردنەوەی پۆستێك یان وێنەیەکی خۆم یان خێزانم | 47 | %43.9 |
| کۆ | 107 | %100 | |

## خوێندنەوەیەك بۆ ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتوون :

1. میدیای ئۆنلاین وەك سەرچاوەیەکی گرنگ وبەربڵاو بەکار دێت لەلایەن تەواوی ژنانەوە لە تەمەنە جیاوازەکان ولە ئاستە جیاوازەکانی خوێندەواری ولە شوێن وپیشە جۆراوجۆرەکان.
2. ژنان بە رێژەیەکی بەرچاو لە رێگەی سەرچاوە جیاوازەکانی بەدەستهێنانی زانیاری وکاتبەسەربردن لە سۆسیال میدیا وماڵپەرەکان سوودمەندن.
3. ژنان لە رێگەی میدیا ئۆنلاینەکانەوە کاردەکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە کەسیەکانی خۆیان ومیدیای ئۆنلایەن بە رێگەیەکی گونجاو وبەکار دەژمێرن بۆ دەستخستنی ئەو ئامانجانەیان.
4. بە رێژەی جیاواز و میدیای ئۆنلاین سەرچاوەی بێزارکردن وئەنجامدانی توندوتێژیە دەرهەق بە ژنان وئەم حاڵەتە بە روونی لە لایەن تەواوی بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتووە.

5. ئەو کەسانەی کە ئەنجامدەری ئەم جۆرە توندوتیژیانەن دژ بە ژنان لە ڕێگەی میدیای ئۆنلاینەوە ئامرازی جۆراوجۆر بەکاردەهێنن بۆ ئەنجامدانی بێزارکردن وتوندوتیژی دژ بە ژنان.
6. هیچ سڵەمینەوەیەك نیە لە بەکارهێنانی هەر جۆرە شێوازێك لە سوکایەتی وجنێودان وهەڕەشەکردن دژ بە ژنان.
7. مەرج نیە ئەو توندو تیژیەی کە لەم جۆرە سەرچاوانەوە ئەنجامدەدرێت لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە بێت بەڵکو دەکرێت سەرچاوەکەی هەر خودی ژنان بێت بە هۆی نادیاری کەسێتی ئەنجامدەری ئەو جۆرە کارانە.
8. ئاکامەکانی ئەم جۆرە بێزارکردنە ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر ژیانی ژنان هەیە بە هۆی ئەو بارودۆخە تایبەتەی کە ژنان لە ناوچانە تێدا دەژین، زۆر جار کێشەکان چەند بارە قورستر دەکەوێتە سەر شانیان بە تایبەتی کاتی بابەتەکان پەیوەندیان بە ناوبانگ ولایەنی پێگەی کۆمەڵایەتیە دەبێت.
9. لە دەرهاویشتە خراپەکانی ئەم جۆرە مامەڵانە، ژنان تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی وخێزانی دەبن، ودەبێتە هۆکارێك بۆ دوورکەوتنەوەی ژنان لە بەهرەمەندبوون لەو دەستکەوتە گەورانەی زانایان وناوەندەکانی توێژینەوە بەدەستیان هێناوە وخستویانەتە خزمەتی مرۆڤایەتی.
10. ژنان بە پێی ئەنجامەکان لە کاتی سەرکەوتن ودڵخۆشی ودەستپێکی پرۆژەیەك کاری توندوتیژی ئۆنلاینیان بەرامبەر دەکرێت کە ئەمەش بە شێوازێك لە شێوازەکانی سەرکوتکردن وریگرتن دادەنرێت ودەبێتە مایەی بێبەشبوونیان لە چانسەکانی دەرکەوتن وناسین وسەرکەوتن لە چوارچێوەی پرۆژە جۆراوجۆرەکاندا.
11. لە کۆمەڵگەکانی ئەم ناوچانە ئایین ودابونەریتەکان هۆکارن بۆ گەورەکردنی هەر کێشەیەك کە ژن تێدا هۆکاربێت یان بەرکەوتەی ئەو کێشەیە بێت، بەڵام کاتێك کێشەکە پەیوەندیداربێت بە میدیای ئۆنلاینەوە ئەوە کێشەکە چەند جارێك گەورەتر دەکرێن، ئەم تێگەیشتن وتێڕوانینەش بۆ پێگەی ژن، ژنان ناچار دەکات خۆیان بەدوور بگرن لەم جۆرە میدیایە.
12. لەم توێژینەوەیە دەردەکەوێت کە ژنان لەبەردەم هێرشی هاك کردن وهەوڵی دزین وشێواندنی وێنە وزانیاریە تایبەتەکانیانن کە بەرتوێژەکان بە ڕێژەو شێوازی جیاواز دووچاری بوون ئەمەش ئاماژەیە بۆ لاوازی شارەزایی بەکاربەران لەلایەکەوە ولاوازی چاودێری وکۆنترۆلکردنی خزمەتگوزاریەکانی ئینترنێت لەم ناوچانە.

**ڕاسپاردەکان:**

1. کارکردن بۆ بەرپاکردنی هەڵمەتی جۆراوجۆر لە ڕێگەی ئامرازە ئۆنلاینەکان وهەروەها ئامرازە کلاسیکەکان، بۆ ڕوونکردنەوەی ئاکامە خراپەکانی ئەو مامەڵە نا دروستەی لەتەك میدیای ئۆنلاین دەکرێت ودەبێتە هۆی تێکدانی ژیانی هاوڵاتیان وتێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی.
2. کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی وشیاری بۆ ژنان وپیاوان سەبارەت بە شێوازی دروست و گونجاو بۆ مامەڵکردن لەگەڵ میدیای ئۆنلاین وریگەکانی خۆپاراستن وزانیاری پاراستن وفێربوونی شێوازەکانی خۆ دەربازکردن لە هەر کێشەیەك کە سەرچاوەکەی میدیای ئۆنلاینە.
3. فشارخستنە سەر دامەزراوە تەشریعیەکان بۆ دەرکردنی یاسای گونجاو بۆ چاودێری وسزادانی سەرپێچکاران وریگە گرتن لەو جۆرە مامەڵانە.

**سەرچاوەکان:**


1- Segran, E. (2013). In India, Fewer than Three Percent of Journalists Are Women. Bitchmedia.org, 13December. Available at https://bitchmedia.org/post/in-india-fewerthan- three-percent-of-journalists-are-women.

2- Duggan, M. (2014). Online Harassment. Pew Research Center: Internet, Science and Tech,October 22. Available at http://www.pewinternet.org/22/10/2014/online-harassment/.

3- Burcham, J. (2016). Trolling: How to Combat Online Harassment. B2C, December 8. Available at http://www.business2community.com/cybersecurity/trolling-combat- online-harassment-.01726624

4- international foundation for electronic system, 2019, USAID).

5- Binns, A. (2012). DONT FEED THE TROLLS! Journalism Practice, 6(4), .562-547

6- -6Gardiner, B., Mansfield, M., Anderson, I., Holder, J., Louter, D. and Ulmanu, M. (2016). The Dark Side of Guardian Comments. The Guardian, 12April. Available at https://www.theguardian. com/technology/2016/apr/12/the-dark-side-of-guardian-comments.

7- 7European Union Agency for Fundamental Rights (FRA) (2014), "Violence against women survey", survey data explorer, available at http://fra.europa.eu/en/publications-and-resource

8- -8Human Rights Council Thirty-second session Agenda item 3(2016),"Resolution adopted by the Human Rights Council on 1 July 2016", available at http://ap.ohchr.org/documents/dpage_e.aspx?si=A/HRC/RES/13/32

9- Policy Department for Citizens' Rights and Constitutional Affairs Directorate General for Internal Policies of the Union PE 604.979– September 2018

10- CEDAW (1992), "General Recommendation No. 19" (11th session, 1992), available at

11- http://www.un.org/womenwatch/daw/cedaw/recommendations/index.html b

12- saraban,t.,z.2017,legal action on crime violence against women, published bay bangladish legal aid and service trust*blast)

## العنف الإعلامي ضد المرأة. العنف عبر الإنترنت على سبيل المثال

**نزاكت حسين حمة سعيد**
قسم الاعلام – كلية العلوم الانسانية - جامعة السليمانية
nazakat.hamasaeed@univsul.edu.iq

**حكيم عثمان حميد**
كلية التقنيات الادارية جامعة السليمانية التقني
hakim.othman@spu.edu.iq

**ملخص**

اصبح الحديث عن الاعلام والانترنت وعلاقتهما بالمشاكل الاجتماعية وبصنع الصور العنيفة في مواقع التواصل الاجتماعي الشغل الشاغل للكثير من المتخصصيين والمستخدمين وتجد الكثير من هؤلاء يتناولون في بحوثهم وموضوعاتهم العنف والتعامل اللاودي الذي يكون الاعلام الحديث ومواقع التواصل الاجتماعي وسيلة يتوسل به مرتكبي الاعمال العنيفة ضد المجتمع وبالاخص ضد المرأة، تتعرض المرأة في معظم المجتمعات الى العديد من المشاكل كالتهميش والعنف وخصوصاً في المجتمعات المتخلفة التي تتعامل بدونية مع المراة والتي قد يكون اسس واصول هذا التعامل غير العادل هو انخفاض الوعي وسيطرة العادات والتقاليد القديمة والتوجيهات الدينية التي لا تجد المراة مساوياً للرجل، وقد ادى وجود هذه القناعة الى ان تتجاوز هذه القناعة حدود الفكر واصبح الان تُمارس ضد المرأة بمختلف الطرق والوسائل، ووصل الامر الى التوسل بتكنولوجيا الاتصال الحديثة لممارسة العنف ضد المرأة وتكبدت المرأة من جراء هذا التعامل العنيف من قبل الرجل والمرأة خسائر كبيرة كالابتعاد عن استخدام تلك الوسائل وعدم الاستفادة من حسنات التكنولوجيا خوفاً من تعرض المراة للاساة والعنف وخصوصاً في المجتمعات التي تكون نسبة الجهل والبطالة والحريات الاجتماعية في مستويات متدنية، اذ من الممكن ان ان يتسبب خبر مفبرك أو صورة أو صوت أو فيديو غير حقيقي في خلق مشاكل اجتماعية كبيرة اذا كانت المراة موضوع هذا الخبر أو تلك الصورة، وقد سهلت التكنولوجيا طرق ارتكاب الجرائم وخصوصاً بعد انتشار الاجهزة اللوحية والموبايلات ورخص اسعارها وانتشار التطبيقات التي تجعل من المستخدم قادراً على اعادة تحرير وخلق الاحداث بشكل سهل وباقل التكاليف ونشره على اوسع نطاق في اقصر مدة ممكنة، واصبحت مواقع التواصل الاجتماعية احدى هذه الوسائل تستخدم احياناً في غير محلها وهي بهذا تصبح مسهله لارتكاب الجرائم والعنف ضد الاخر وخصوصاً ضد المراة.

في هذا البحث نحاول التركيز على هذه المشكلة والتي تتعرض المراة فيها للعنف الالكتروني عن طريق الاعلام الحديث وبالاخص عن طريق مواقع التواصل الاجتماعية ونحاول ايجاد اليات وطرق ارتكاب هذه الاساليب ضد المراة عن طريق استخدام المنهج الوصفي والمسحي والتحليلي لعدد كبير من النساء الصحفيات والناشطات المدنيات في المجالات السياسية والاجتماعية في اقليم كوردستان العراق اذ ان الجرائم الالكترونية في الاقليم قد تخطت الحدود وقد لا يمر يوم دون حدوث العديد من هذه الجرائم بحق المواطنين وقد ركزنا في بحثنا على العنف الموجه ضد المراة.

**الكلمات الدالة:** العنف الإعلامي - وسائل الإعلام على الإنترنت - عنف المرأة.

**The Forms of Media Violence Against Women .Online Violence as an Example**

**Hakim Othman Hamed**
Sulaimaniyah Technical University School of Administrative Technologies
hakim.othman@spu.edu.iq

**Nazakat Hamasaeed**
Department of Media - College of Arts - Sulaimani University - Kurdistan Region - Iraq
nazakat.hamasaeed@univsul.edu.iq

**Abstract**

Talking about media and the Internet and their relationship to social problems and the making of violent images on social networking sites has become a concern of many professionals and users, and you find many of these people in their research and topics deal with violence and sympathetic dealing in which modern media and social networking sites are a means by which perpetrators of violent acts against society, especially against women, are pleaded with, Women in most societies are exposed to many problems, such as marginalization and violence, especially in backward societies that deal inferiorly with women, which may be the basis and origins of this unfair deal, which is the low awareness and control of old customs and traditions and religious directives that do not find women equal to men, and the existence of this conviction has led Until this conviction transcends the limits of thought and is now being practiced against women in various ways and means, The existence of this conviction has led to this conviction that transcends the boundaries of thought and is now being practiced against women in various ways and means, and the matter came to invoking modern communication technology to practice violence against women, and women suffered as a result of this violent deal by men and women great losses such as avoiding the use of these means and not to benefit from the advantages of technology for fear of exposing women to grief and violence, especially in societies where the percentage of ignorance, unemployment and social freedoms is at low levels,

Because fabricated news, an unreal image, sound or video may cause great social problems if the woman is the subject of this news or that image, and technology has facilitated the methods of committing crimes, especially after the proliferation of tablets and mobiles, cheap prices and the spread of applications that make The user is able to re-edit and create events easily and at the lowest costs, and publish it on the widest scale in the shortest possible period of time, and social networking sites have become one of these means sometimes used inappropriately, and thus it becomes facilitated to commit crimes and violence against others, especially against women.

In this research, we try to focus on this problem in which women are exposed to electronic violence through modern media, especially through social media, and we try to find mechanisms and ways to commit these methods against women by using the descriptive, survey and analytical approach of a large number of women journalists and civic activists in political fields And social and social crimes in the Kurdistan Region of Iraq, as cyber crimes in the region have crossed borders, and not a day may pass without the occurrence of many of these crimes against citizens. We have focused in our research on violence directed against women.

**Keywords**: The information - the media for the public opinion - the internet - the press.